# نەزر لەسەر نەوەی ئادەم نییە لە شتێک کە لە ژێر موڵکی نەبێت، وناتوانێت (بەندەیەک) ئازاد بکات کە لە ژێر موڵکی نەبێت، وناتوانێت (ئافرەتێک) تەڵاق بدات کە هاوسەری نەبێت

لە عەمرو کوڕی شوعەیب، لە باوکیەوە، لە باپیریەوە، کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«نەزر لەسەر نەوەی ئادەم نییە لە شتێک کە لە ژێر موڵکی -خاوەنی- نەبێت، وناتوانێت (بەندەیەک:کۆیلەیەک) ئازاد بکات کە لە ژێر موڵکی نەبێت، وناتوانێت (ئافرەتێک) تەڵاق بدات کە هاوسەری نەبێت».
[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە مرۆڤ تەنها ڕێکێف ومامەڵە وکار بە ئەو شتانە بکات کە ئەو خاوەنیەتی ولە ژێر موڵکیەتی ئەودایە، بەڵام ئەو شتانەی کە خاوەنی نییە وناتوانێت مامەڵە وکاری پێوە بکات؛ دروست نییە مرۆڤ وادەربخات کە لە ژێر موڵکیەت وخاوەندارێتی ئەودایە ودەتوانێت بە ئارەزووی خۆی بەکاریبهێنێت، ولەوانەش: 1- نەزر کردن: تەنها لەسەر ئەو شتانە دەبێت کە مرۆڤ خاوەنیەتی ودەتوانێت بە ئارەزووی خۆی بەکاریبهێنێت لەو کاتەدا، بەڵام ئەگەر پاشتر بووە خاوەنی ئەو شتە وبە ئارەزووی خۆی ڕێکێفی پێوە کرد؛ لەم حاڵەتەدا واجب نییە لەسەری نەزرەکە جێبەجێ بکات وکەفارەتیشی لەسەر نییە. 2- ئازادکردنی بەندە -کۆیلە-: مرۆڤ ناتوانێت بەندەیەک ئازاد بکات کە بەندەی ئەو نەبێت ولە ژێر موڵکیەتی ئەو نەبێت؛ بۆیە ئازاد کردن لەم حاڵەتەدا بانگەشەیەکی بێ مانایە وجێبەجێ ناکرێت. 3- تەڵاقدان: ئەگەر پیاوێکی تر جگە لە مێردی ئافرەتەکە؛ ئەو ئافرەتە تەڵاق بدات ئەوا ئەمە پوچەڵە وجێبەجێ ناکرێت، چونکە مافی تەڵاقدان تەنها بە دەستی مێردە کە هاوسەریەتی وجووتبوون لە نێوانیاندا ڕوودەدات، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ناتوانێت -ئافرەتێک- تەڵاق بدات کە هاوسەری نەبێت).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58147